## تەگبیر ! بەهرۆز گەلاڵی

تەواوی چین وتوێژەکانی شەعبی عێراقی بە عەرەب و کوردو تورکمان وئاشوری و کلدانییەوە ،کاتێ گوێبیستی ڕوودانی تەقینەوەیەك ، لە عێراق یان کوردستانی عێراق دەبین ، دڵتەنگییەکی زۆر دامان دەگرێت و توشی خەم و پەژارەیەکی زۆر دەبین . بەشی زۆری ئەو تەقینەوانە ش دەبنە هۆی لەدەستدانی کۆمەڵێك لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، هاولاتیانی ڕەش و ڕوتی بێگوناه ،پیرو گەنج ،منداڵ و ژن،دەوڵەمەندو هەژار ،خوێندەوارو نەخوێندەوار ، بێ جیاوازی لەڕەنگ شێوەیان، هەموویان دەبنە قوربانی کارە تێرۆریستیەکانی ئەلقاعیدە و ئەوانی تر . بێ سێ و دووش ،هەمووشمان بیرلەوە دەکەینەوەو دەڵێین بۆ سوریاو ولاتانی تر سنورەکانیان توندتر ناکەن !بۆ تێرۆریستان وا بە ئارەزووی خۆیان دێنە ناو خاکی عێراق و کاری دڕندانەو و تەقینەوەی شوێنە پیرۆزەکان و دەیان و سەدان کاری نابەجێی تر ئەنجام دەدەن !

بەڵێ کاتی خۆی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سنوری ئەم ولاتانە بەتایبەتی عێراق و تورکیاو سوریا ئێران کێشران ، پرس و ڕا بە کورد نەکرا . بگرە لەسەر لاشەی کورد هەندێ لەو ولاتانە سنوریان بۆ کێشراو ولاتەکانیان بۆدروستکردن .گەلی کوردیش ئەمڕۆ لەناو ئەو ولاتانە بەپێی تایبەتمەندی سیستم و حوکمڕانی هەریەکەیان دەژیت .بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ ،ئەم سنورانە ئەمڕۆ بونەتە مێژوو ، بەڵێ وەکو کورد هەقی خۆمەبلێم مێژووییەکی ناڕەوا .بەلام ئەم مێژووە ناڕەوایە ئەمڕۆ لەچوار چێوەی فەرمی ومەشروعیەتی نێو دەولەتی و واقیعدا جێگیربووە . هەریەکە لەو ولاتانەش لەڕوی ئاسایشی نەتەوەییەوە ،چاوەڕێی هاوکاری لەیەکتری دەکەن و دەیانەوێ هیچ کامێکیان بوار بۆ هیچ هێزو گروپێکی بەرهەڵستکار ی یەکتری نەڕەخسێنن کە لە سنورەکانیانەوە دزە بکەن و ئاسایشی ناوخۆی ولاتەکانی یەکتری بتوانن نائارام بکەن . ئێمە داوادەکەین سوریا سنورەکانی خۆی توند کات .بەهەمان شێوە ئیرانیش داوا لە عێراق دەکات کە سنورەکانی خۆی چروپڕترکات .دیارە تورکیاش چاوەڕێی ئەوە لە عێراقیەکان دەکات کە سنورەکانی خۆمان باشتر بپارێزین .ئەگەر بۆمان ناکرێ دەبێ گفتوگۆبکەین و ڕێگاچارەیەك بدۆزینەوە. ئەگەرنا ئەمڕۆش بۆیان نەکرێ ، بەیانی لێناگەڕێن و بێدەنگ نابن لێمان هەروا ئاسودە لێی دابنیشین ، بەجۆرێك کەئێمە بۆ خۆمان لەبەغداوبەسراو سلێمانی وهەولێرو دهۆك دانیشین خەریکی ئاوەدانکردنەوەی ولاتی خۆمان بین .ئەوانیش ناوە ناوە جەنازەی سەربازەکانیان بۆ بگەڕێتەوە .

گەلۆ با واقیعی بیربکەینەوە .ئەمە کارێکە هەڵوەستەی دەوێ ! موزایەدەی ناوێ !بیرو بەرنامەی ووردی دەوێ . کوردستانی عێراق پێویستە بیر لەوەزعی سیاسی خۆی، لەگەڵ هاوسێکانی بکاتەوە.ئەگەرنا درەنگ و زوو توشی کێشە و سەریەشەیەکی زۆر دەبین.بەڵێ تووشی وردە شەڕی لابەلاش دەبین .ڕەنگە ئەو وردە گێچەلانە هەندێکیان بەهانە بن و بەهۆی بوونی هەندێ هێزو گروپەوە بیانەوێ بێنە ناو خاکی کوردستانی عێراق و فشاربخەنە سەرمان . هەوڵی ڕاگرتنی ڕێفەراندومی کەرکوك بدەن . بەلام گەرئێمەبتوانین بەهانە بەدەستەوە نەدەین ، کەس ناتوانێ لەپەنجەرەوە بۆمان بێتە ژوورەوە.بەڵکو ئەگەرهات دەبێ لەدەرگاوە بێت . کاتێ لەدەرگاوەش دێت ،هەموو دنیا شانبەشانی گەلی کوردستان هاواردەکا ت و دەڵێ بۆهاتی ! نەیەن باشە، گەرهاتن ، هەموو شتێك درەنگ دەبێ ! کورد دەڵێ : پێش هاتنی تا بەرە بەخۆتا بدە .بەڵێ تەگبیرکردن کارێکی باشە .

bgalali1958@hotmail.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com